خەون و پڕۆژەی گەورە بۆ خزمەت لەگەڵ ساختەچی و درۆزن تەنها بێ ئومێدی بۆ خەڵک دێنێت

هەرش عەبدولڕەحمان، کاندیدی دەرنەچوو و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی بە سەرکایەتی عەلی حەمە ساڵح لە بڵاوکراوەیەکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نوسیویەتی: خەون و پڕۆژەی گەورە بۆ خزمەتی گشتی، لەگەڵ مرۆڤی ساختەچی و درۆزن و بچوکدا، تەنها بێ ئومێدی بۆ خەڵک دێنێت.

ئەم بڵاوکرایەوە هاوکاتە لەگەڵ دەنگۆی ململانێی نێوان عەلی حەمە ساڵح و هەرش عەبدولڕەحمان، کە نوسیویەتی: ”ئێوە بەردەوام بن لە شاردنەوەی ڕووی ڕاستی خۆتان بۆ درۆکانتان، ئێمەش پلان و بەرنامەی خۆمان دەبێت بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان و لابردنی ماسکەکانتان“.